ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیمارات و تورکیا

هۆکارەکانی، لێکەوتە ناوچەیی و ئابورییەکانی

بەهرۆز جەعفەر

معهد ميدتريانة للدراسات الاقليمة

Mediterranean Institute for Regional Studies

www.mirs.co

نۆڤەمبەری ٢٠٢١

ئینستیتوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS، دامەزراوەیەکی نا حکومی ئاکادیمی یە، گرنگی ئەدات بە توێژینەوە لە بواری سیاسەتە گشتییەکان و، نەوت و غازی سروشتی و سامانی ئاودا، هاوکات خۆی بە لایەنێکی گرنگی کارکردن ئەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی جیۆپۆڵەتیك و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی بەگشتی، ئەیەوێت بەشداری زانستی بکات لەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئاستی جیهانی دا، سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی سەرچاوەکانی ووزەو ئاسایشی هەرێمایەتی و بونیادنانی ئاشتی و کێشە مرۆییەکان لە ئارادایە، هەروەکو سێکتەرەکانی کارکردن بە سێ زمانی کوردیی و عەرەبی و ئینگلیزیی لە وێبسایتی ئینستیتوت دا ئاماژە پێدراوە (www.mirs.co).

ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیمارات: هۆکارەکانی، لێکەوتە ناوچەیی و ئابورییەکانی

سەرۆک کۆماری تورکیا "رەجەب تەیب ئەردۆگان" پێشوازی لە جێنیشینی ئەبوزەبی "محەمەد بن زاید" کرد- ئەنکەرە- ٢٤ ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ (وێنە: دەیلی سەباح).

بەهرۆز جەعفەر: سەرۆکی پەیمانگەی مێدیتریانەیە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، دکتۆرا لە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان – زانکۆی قوبرصی نێودەوڵەتی.

قوبرص- نیکۆسیا- هاسبولات: Bahroz@mirs.co تە لە فۆن: 00905338601514

عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی

ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان Jafarbahroz@gmail.com

ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیمارات و تورکیا: هۆکارەکانی، لێکەوتە ناوچەیی و ئابوورییەکانی

پوختەی جێبەجێکار

دوای نزیکەی (١٠) ساڵ لە بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی هەردوولا، لە (٣١ی ئابی ٢٠٢١) دا سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و جێنیشینی ئەبوزەبی « محەمەد بن زاید» پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجام دا. وەک چاوەڕوان ئەکرا ڕۆژی چوارشەممە (٢٤ی نۆڤەمبەری٢٠٢١) هەریەکە لە ئەردۆگان و بن زاید لە ئەنکەرە بەیەکگەیشتن. لە ڕێوڕەسمێکدا ئەردۆغان و بن زاید، (١٠) ڕێککەوتننامەیان لە بوارە جیاوازەکاندا واژوو کرد. ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا فاکتەری ناوخۆیی و لێکەوتەی هەرێمایەتی و ئابوریی هەیە. لەم پەیپەرەدا لە پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی-MIRS تیشکی ئەخەینە سەر.

یەکەم/ بنەمای جیاوازییەکانی تورکیاو ئیماراتی عەرەبی

ماوەی دە ساڵە ئەبوزەبی و ئەنقەرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا- لە لیبیاوە بۆ قەتەر و سوریا و یەمەن تەحەددای یەکتری ئەکەن. لەکاتێکدا هەندێك ناوچەی تریش هەڕەشە بونە بۆ کێبڕکێکەی نێوانیان وەک باڵکان، ئاسیای ناوەند و ناوچەی کەنداوی عەدەن و سۆماڵ.

هەر لەدوای بەهاری عەرەبییەوە، تورکیا ئیماراتی تۆمەتبار ئەکرد بە بونی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلدا، لەکاتێکدا تورکیا یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی خاوەن هەژمونە کە لەساڵی (١٩٤٨) دا دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا ناوەو پیرۆزبایی لێ کردون، لەساڵانی نەوەتەکانی سەدەی بیستەمدا تا هاتنی ئاکپارتی بۆ دەستەڵات لە ساڵی (٢٠٠٢) بەهێزترین پەیوەندیی سەربازیی و هەواڵگریی و ئابوریی و دیبلۆماسی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا لەگەڵ وڵاتی تورکیا بوە. لەبەرانبەردا ئیمارات هەمیشە ئیخوان موسلیمینی بە هەڕەشەیەکی سیاسیی و ئەمنی زانیوە، کە تورکیاو ئاکپارتی پشتیوانی بێ چەندوچونی پرۆژەی ئیخوان ئەکەن لە ناوچەکەدا. بەتایبەتی ئەم کێشەیە لەوێدا قووڵ بۆیەوە کە هەریەکە لە سعودیەو ئیماراتی عەرەبی هاوکاری کودەتاکەی «عەبدولفەتاح سیسی» یان لە تەمموزی ساڵی ٢٠١٣ دا کرد[1] .

دوای ئەوەی ئیسرائیل و ئیماراتی عەرەبی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان دەستپێکرد، لە (١٣ی ئابی ٢٠٢٠) یشدا هەردوولا ئیمزایان لەسەر ڕێککەوتنی «ئەبراهام-ئیبراهیم» کردو پاشان لە کۆشکی سپی پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە. ئیتر ئیمارات بو بە سێهەمین دەوڵەتی عەرەبی دوای میسر (١٩٧٩) و

ئوردون (١٩٩٤) کە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکاتەوە. کەنداو بۆ ئیسرائیل گرنگییەکی گەورەی ئابوریی و ئەمنی هەیە .

هەریەکە لە تورکیاو ئیمارات، دوو هێزی ناوچەیی سەر بە گۆبەندن، هەردولایان دەست لە دەرەوەی خۆیان وەرئەدەن و لە دەرەوەی خۆیان پرۆژەی سیاسیی و سەربازیی و هەوالگریی و ئابوریان هەیە.

لەماوەی ساڵانی کۆتایی (٢٠١١ بۆ کۆتایی ٢٠٢١) لە هەر شوێنێک تورکیا دەستی وەرداوە، ئیماراتی عەرەبیش لەو شوێنە دژی تورکیا پرۆژەی هەبوە. لە سوریا تورکیا دژی کورد جەنگاوە، ئیمارات لە دژی تورکیا پاڵپشتی یەکەکەو هێزەکانی سوریای دیموکراتیان کردوە، ئاژانسی ئەنادۆڵ ئەوەی نەشاردۆتەوە کە بەرپرسانی ئیمارات لە ساڵی (٢٠١٧) دا دیدارگەلێکیان لەگەڵ بەرپرسانی یەکەکە لە سووریا هەبووە و هەر لەوێ بەڵێنی یارمەتی هەمەلایەنەیان داوە. ئیمارات لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٨ وە دەیان ئەفسەر و هۆکاری هەواڵگری وکارناسی ناردووەتە بنکەکانی یەکەکە لە قامیشلۆ و پارێزگاکانی حەسەکە و دەیرەزوور کە ئەو ئەفسەرانە هەوڵی پەروەردەی هێزەکانی یەکەکەیان داوە و خولی فێرکاری و کۆکردنەوەی هەواڵ، کەناڵی ڕاگەیاندن، پارازیت و شکاندنی کۆد و قاچاخیان بۆ یەکەکە بەڕێوە بردووە[٢].

کاتێک تورکیا لە مەقادیشۆی پایتەختی سۆماڵ بنکەی سەربازیی کردەوەو (٥٠) ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد، ئیماراتیش لەبەرانبەردا دەستوەردانی کردو (٤٤٠) ملیۆن دۆلاری لە چەند هەرێمێکی جیاوازی سۆماڵدا دژی پرۆژە تورکیەکە تەرخان کرد. لە ساڵی (٢٠١٩ و ٢٠٢٠) کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەربازی لەڕێگەی ناوچە ئاوییەکانی دەریای سپییەوە بۆ لیبیا پەڕاندەوەو پاڵپشتی حکومەتی ویفاقی نیشتیمانی کرد، ئیماراتیش لە دژی ئەوە پاڵپشتی جەنەراڵ خەلیفە حەفتەری کردو هێزیان بەرەو تەرابلوس جوڵاند[3] .

دووەم: پاڵنەرە نێوخۆییەکان بۆ نزیکبونەوەی تورکیاو ئیمارات

٢-١ .پرۆژەی «دوقم» و پەراوێزخستنی ئیمارات لە کەنداوی عەرەبی

دوقم، مینایەکی ستراتیجی گرنگە لە سەڵتەنەتی عومان، ئەکەوێتە سەر دەریای عەرەب (بەئاراستەی هیندستان)، عومان بە پێچەوانەی ئیماراتەوە وولاتیکی هێمن و بێ سەرئێشەیە. ئەمەش وایکردوە کە سعودیە لەگەڵ عومان لە (تەمموزی ٢٠٢١) بگاتە ڕێککەوتنێکی گەورە بۆکردنەوەی ڕێگەیەکی ئۆتۆبانی خێرا بە درێژایی (٨٠٠) کیلۆمەتر کە سعودیە ئەبەستێت بە بەندەری دوقم ی سەڵتەنەتی عومانەوە.[4]

سعودیەو ئیمارات، ململانێی جوگرافی و مێژوویی و ناوچەییان هەیە:

- ساڵی (١٩٧٤) لەسەر سنور ڕێککەوتون کە بە (ڕێککەوتننامەی جدە) ناسراوە، ئیمارات ئەو کاتە تەنها (٣) ساڵێک بو کە سەربەخۆیی ڕاگەیاندبو، لایانوایە سعودییە لەو وێناکردنە جوگرافیەدا ستەمی لێکردون و لەبەرانبەر ئەوەشدا دانی بە ئیماراتدا ناوە. بەتایبەت چەند لادێیەک کە یەدەگی نەوتی تیادایەو کەوتۆتە سنوری سعودییەوە بە پێی ڕێککەوتنەکە.
- لە قەیرانی یەمەن و حوسییەکاندا سعودییەو ئیمارات تووشی جیاوازیی و ململانێی یەکتر بونەوە.
- لە دیاریکردنی نرخی نەوت و کاتی قەیرانی کۆرۆنادا، لە میانەی نرخ دانان و کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە (ئۆپیک پڵەس) دا سعودییەو ئیمارات ناکۆک بون[5].
- شارەزایانی بواری کەنداو بەشێکی ئەم دەستوەردانانەی ئیمارات و ئاڵەنگارییانەی تووشی ئەبنەوە لە ئاکامدا ئەبەستنەوە بۆ هەڵپە-هەڵپی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئیمارات " تەحنون بن زاید" کە ئەکاتە برای جێنشینی ئیمارات محەمەد بن زاید. ئەمەش وایکردوە ئیمارات لە هەر شوێنێکی دونیادا پرۆژەیەکی سیاسی و هەواڵگریی هەبێت و هەندێ جار کارتەکان و گەمەکان لە سعودییەش تێک بدات.

هەر بۆیە سعودیە و عومان ڕوویان کردە یەکتر. عومان سنورێکی لەگەڵ دەریای سور نییەو سعودییەش دەرچەیەکی نەبو بگاتە سەر دەریای عەرەبی، بە پرۆژەی ئۆتۆبانی دوقم- سعودیە سەڵتەنەتی عومان ئەگاتە سەر دەریای سور لە ڕێگەی سعودییەوە (دووریش نییە ئەم هێڵە درێژتر بکرێتەوە ئیسرائیل ببەستێت بە کەنداوی عەرەبی و دەریای عەرەبەوە). عومان لە نێوان (٢٠١٤ بۆ ٢٠٢٠) قەرزە حکومییەکانی لە (٥٪) وە زیادی کرد بۆ (٨٠٪)، کە بوە هۆی زیادبونی بێکاریی لەم وولاتە (٥) پێنج ملیۆن کەسییەدا، بۆیە لەوە ئەگەڕان وەبەرهێنانی بیانی وکەرتی تایبەت زیادبکەن تا دەرفەتی کار زیاد بکات، ئەمەش بوە هۆی ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی و دیدگای (٢٠٤٠) یان ڕاگەیاند، هەروەها سعودییەش دیدگای خۆی بۆ (٢٠٣٠) هەیە[6].

خاڵێکی گرنگتر، ئەوەیە سعودییە لە دەرچەیەکی سەلامەتتر ئەگەڕا بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی، تا دوور بێت لە هەڕەشەی حووسییەکان لەناوچەی دەریای سور. بۆ ئەمەش مینای دوقم باشترێکەو ئەڕوانێت بەسەر گەرووی هورمزدا کە (٢٠٪) ی نەوتی جیهانی لێوە دێت و ئەچێت.

لەوەش گرنگتر بۆ سعودییە ئەوەیە عومان ڕۆڵێکی بێلایەنی لە هاوکێشە سیاسییەکاندا هەیە، خاڵی سەرەکی گفتوگۆکانی نێوان سعودییەو حوسییەکان بوە لەلایەک و، لەلایەکی تریش ئێران و سعودییە (بۆ ئایندەش پێگەیەکی گەورەتر ئەداتە عومان بۆ گفتوگۆکانی سعودییەو ئێران).



المسار الأسود الموجود في الصورة، هو المسار المقترح (خط الرياض-الدقم التجاري العالمي).

دوقم: میناى عومانی بوەتە مەترسیی لەسەر دوبەی

بۆیە، ئەکرێت سەڵتەنەی عومان لە ئایندەی نزیکدا جێگەی ئیماراتی عەرەبی بگرێتەوە. ئەم پرۆژەی دوقم و هێڵە خێرایەی سعودییە-عومان وا ئەکات عومان ببێتە ناوچەیەکی گەشتیاری گەورە لە جیهانداو ڕۆڵی گەشتیاری ئیمارات (دوبەی) بە تەواوەتی لاواز بکات. کە هەر لە سەرەتاوە نیشانەکەی دەرکەوتوە شازادەی جێنشینی سعودیە « محەمەد بن سەلمان» بڕیاریداوە (٥٠٪) ی بیناو شوققەکانی ئیمارات کەمتر بەکاربهێنێت و لەمەولا سعودییەکان بۆ لایەنی گەشتیاری ڕوو لە عومان ئەکەن نەک دوبەی و شاریقە. لەکاتێکدا بازاڕی خانوبەرە و بازاڕە داراییەکانی ئەبوزەبی خۆی لە ساڵی (٢٠٢٠) وە ڕووی لە لاوازی کردوە.

٢-٢. ئیمارات ئەتوانێت تورکیا لە قوڕو چڵپاوی دارایی دەربهێنێت؟

ڕۆژنامەی وۆل ستریت جۆرناڵی ئەمریکی لە (٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١) دا، قەیرانی دابەزینی مێژوویی لیرەی تورکی بە قەیرانی ئەردۆگان ناو ئەبات. ئاژانسی ڕووسیا تودەی- RT لە (٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١) ڕاپۆرتێکی لە سۆنگەی ئاسایشی نیشتیمانی ڕووسیاوە بەناونیشانی «ئایا ئەردۆگان ئابوری تورکیا ئەکوژێت یان ئابوری تورکیا ئەردۆگان لە ناو ئەبات؟» بڵاوکردۆتەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بگەڕێین بەدوای ئەوەی ئەم قەیرانەی دراوی تورکی گرتۆتەوە لە کوێوە دێت؟.

ڕاستییەک لە مێژووی تورکیادا هەیە، کە بەگوێرەی کات بوەتە بەشێک لە کەسێتی و ڕەفتاری بەردەوامی وڵاتەکە، ئەویش ئەوەیە تورکیا ناتوانێت بەردەوام بێت بێ ئەوەی دەست لە کاروباری ئەوانی تر وەربدات. بۆ ئەوەی تورکیا لە ئاسایشدا بژی ئەبێت دەست لە کاروباری ئەوانی تر وەربدات!. ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەبێت تورکەکان زەوی و خاکی ئەوانی دیکەیان داگیرکردوە بۆ ئەوەی زەمینەکەیان بەرتەسک نەبێتەوە پەل بۆ ئەملاولای دیکە ئەهاوێژن. دەست وەردان لە قەقاز، لە ئەفگانستان، لە ناوچەی دەریای ڕەش، لە عێراق، سوریا و لیبیاو قوبرس و دوورگەکانی یۆنان و...تادوایی. لە هەموو شوێنەکانیش تورکیا بە دوای سێ شتەوەیە:

- پرسی ئاسایش (لای ئەردۆگان مەسەلەی پەکەکەو گروپی گویلەن ئەگرێتەوە)
- پرسی ووزە (گازی سروشتی)
- ئابوری و بازاڕ بە گشتی

ئەم دەستوەردانە بەردەوامانەی تورکیا لە ناوچەکە، گوتارو لێدوانە توندەکانی ئەردۆگان، ئەو هەستەی بە جیهان داوە کە بەدوای زیندووکردنەوەی ئیسلامێکی- ئیتنی کەوتوە لە هاوشێوەی ئیمپراتۆرەکانی خەلافەتی عوسمانی. بەتایبەت ناوچەی دەریای سپی ناوەراست هەر لە یۆنان و لیبیاو میسرو ئیسرائیل و قوبرسەوە لە مامەڵەکانی ئەردۆگان دڕودۆنگن، چونکە پێشتر ئەو وڵاتانە زەمینەی دەوڵەتی عوسمانی وداگیرکاری تورک بون.

بۆ تورکیا، ئەم هەموو گێژەنگە بە هۆی گازی سروشتیەوە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی بەردەوامە، لە زستانێکی ساردی وەک (٢٠٢١) دا و لەقەیرانێکی دارایی وەهادا ووڵاتەکە تەنها بۆ کڕینی گازی سروشتی (٥٦) ملیار دۆلاری پێویستە (جگە لە نەوت). ووڵاتانی بەشدار لە دەرهێنان و هەناردەکردنی گازی سروشتی (قوبرس- ئیسرائیل- میسر) لە سنورە ئاوییەکانی خۆیاندا ڕێگەیان بە تورکیا نەداوە بەشدارییان لەگەڵ بکات، تورکیاش بەردەوام دەست وەرئەدات و ئەیەوێت یاسای ئاویی نێودەوڵەتی و

ناوچە ئابوریيە دياريكراوەكان (مناطق الاقتصاديه الحصريه- EEZ) ببەزێنێت. بۆیە بەهۆی دەستوەردانەکانی تورکیاوە لە ناوچە ئاوییەکانی قوبرس- یۆنان یەکێتی ئەوروپا سزای قورسی سەپاندوە بەسەر تورکیادا. بەردەوام سەپاندنی سزاکانی ئەورووپاو وڵاتانی دیکە بەسەر تورکیادا، ئەنجامەکەی ئەوەیە لیرەی تورکی لەماوەیەم (١٠) دە ساڵەدا (٧٢٠٪) بەهاکەی خۆی لە دەستداوە، لە هەموو مێژوودا بەهای لیرە ئاوها نەهاتۆتە خوارەوە (١٣٠٠ لیرەی تورکی=100دۆلاری ئەمریکی). سەرۆک کۆماری تورکیا " رەجەب تەیب ئەردۆگان" لەماوەی (١) ساڵدا (٣) جار سەرۆکی بانکی ناوەندی تورکیای گۆریوە!. لەراستیدا پێویستە سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بگۆرێت نەک سەرۆکی بانکی ناوەندی، چونکە گرفتەکە لەوێوە نایات کەرێژەی (سوو-فائده) ی بانکی زیادبوە، گرفتەکە لە کەمبونەوەی یەدەگی بیانییەوە دێت لە بانکی ناوەندی تورکیاوە، چونکە سەرمایەدارە بیانییەکان هەم سەرمایەکانیان هەم پارەکانیان کە بە دۆلار و یۆرۆیە ئەکشێننەوە لە بانکە تورکییەکان، وە هەم کەرتی تایبەتی بیانی لە تورکیا کارەکانی ئەوەستێنێت، بۆیە بەرئەنجامی ئەمە لەلایەک دراوی تورکی بەهاکەی بەردەوام لە دەست ئەداو هەڵاوسان دروست ئەبێت، لەلایەکیتریش رێژەی بێکاریی (Unemployment) زیاتر ئەکات[7].



نەخشەی جیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزە لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەراست

تورکیا زۆر هەوڵیدا لە لیبیا جێ پێیەک بۆ خۆی مسۆگەر بکات نەیتوانی، لەگەڵ میسرو یۆنان و ئیسرائیل چەند ساڵێکە ئەیەوێت پەیوەندییەکانی بەتەواوی ئاسایی بکاتەوە، هەر نەیتوانی بچێتە ناوەوە.

لە دۆخێکی وادا، ئەتوانین بڵێین گرفتەکانی تورکیا لە ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست (کە وڵاتانی سێ کیشوەر ئەکەونە سەر ئەم دەریایە) وایکردوە تورکیا تووشی دۆخێکی ئابوریی- سیاسیی و ئەمنی نەخوازراو ببێتەوە. ئیسرائیل قوڕگی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستەو لەگەڵ قوبرس لە تەنیشت تورکیاوە گاز هەناردەی ئەوروپا ئەکەن. ئایا ئیمارات لێرەدا چی بۆ تورکیا ئەکات؟ .

سێهەم: ئیمارات لە دەریای سپی ناوەڕاست

پێش هەموو شتێک، هەر لە ساڵی (٢٠٠٩) بەدواوە کە دۆزینەوەی گازی سروشتی لە ژێر ئاودا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ڕاگەیاندرا، کۆمپانیا ئیماراتییەکان هاوشانی نۆبڵ ئینیرجی ئەمریکی و ئینی ئیتالی و دیلێک گرووپی ئیسرائیلی دەستیان بە کار کرد. ئەگەرچی ئیمارات لەڕووی جوگرافییەوە ناکەوێتە سەر دەریای سپی بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) دا وەکو ئەندام لە مونتەدای گازی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی قبوڵکرا (بەسیفەتی چاودێر) کە بارەگاکەی لە قاهیرەیە.

دواتر هەریەکە لە تەلئەبیب و ئەبوزەبی باڵوێزخانەیان لەلای یەکتر کردەوە، ئینجا لە کۆتایی(سێپتەمبەری ٢٠٢١) دا ئیمارات (٢٢٪) پشکەکانی کێڵگەی گازی تیماری ئیسرائیلی بە نزیکەی (١) ملیار دۆلار کڕی[8].

ئەمە جگە لەوەی هەر لەو ناوچەیە، پێشوتر دژی تورکیا ئیمارات بەشداری لوتکەکانی گازی سروشتی لەگەڵ ئیسرائیل و میسرو فەرەنساو ئیتاڵیاو یۆنان و قوبرس و ئوردون دا کردوە .

چوارەم؛ مەترسیی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی تورکیا لە سەر کورد

ئێران هەمیشە ئەجێندەی خۆی هەیە و لەگەڵ پرۆژەی تورکیدا ڕێ ناکات. بەدەر لەوە هەر کاتێک پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و تورکیا ئاسایی ببێتەوە ئەوا بە بێ سێ و دوو بە زیانی پرسی کورد لە سوریا ئەشکێتەوە. هەروەک چۆن پێشوتر لە نەوەتەکاندا پەیوەندیی تورکیاو ئیسرائیل بەهێزبو دەستگیرکردنی ڕێبەری پەکەکە «عەبدوڵا ئۆجەلان» لێ کەوتەوە.

بە هەمان شێوە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیمارات لە قۆناخی یەکەم دا نا، بەڵام لە قۆناخی دواتری پەیوەندییەکانیاندا دژ بە پرسی کەرکوک و هەرێمی کوردستانی عێراق ئەشکێتەوە. چونکە لەدوای ڕووداوەکانی (١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) تورکیا بەهەڵەی خۆی کەرکوکی ڕادەستی ئێران کردوە.

"مەترسیی هەرە گەورەی ڕێککەوتنی تورکیا لەگەڵ ئیمارات یان ئیسرائیل بۆ سەر کورد ئەوەیە ئەبێتە گەورەترین بەرهەڵستی بۆ ئەوەی کوردستانی باشورو ڕۆژئاوا نەگەنە سەر نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ووزە لە دەریای سپی. هەروەها مەترسیی ئەمنی و ژینگەیی ئەخەنە سەر هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان، لە بازاڕی نەوت و گازی کوردستانیشدا قسەکەری یەکەم ئەوان ئەبن".

پێنجەم: دیرۆکی یەکە هەرێمایەتیەکان جیاوازن

شانشینی یەکگرتووی ئیمارات لە سەردەمێکی کۆندا بەشێك بووە لە ناوچەی عەمان کە ئێستا. بووەتە شانشینی عەمان. ئەو ناوچەیە بەشێك بووە لە دەوڵەتی فینقییەکان و دواتریش لە نێوان فارسەکان و فینقییەکان بەردەوام شەڕ و ناکۆکی لەسەر بووە، بەهۆی پێگە ستراتیجییەکەی کە وەك دەروازەی دەریای عەرەب ناوی دەرکردووە، هەریەك لە ئەخمینییەکان و ساسانیەکان و ئەسکەندەری مەکدۆنی وڕۆمانییەکان یەك لە دوای یەك دوای جەنگان و سەرکەوتن حوکمی ئەو ناوچەیەیان کردووە.

پاشان لە کۆتایی سەدەی پانزەدا پرتوگالییەکان داگیریان کردووە و دواتریش لەسەر دەستی ناسری بن مورشید دەوڵەتی یەعاربە لە عەمان وئیمارات دامەزرێنراوە، پاش پرتوگالییەکان و لە سەردەمی عوسمانییەکان، بەریتانیا دەستی بەسەردا گرتووە ماوەی (١٥٠) ساڵ وەك ناوچەیەکی داگیرکراو لەلایەن بەریتانیاوە بەڕێوە براوە، لە ساڵی (١٩٧١) یەکێتیی میرنشینەکانی ئیمارات ڕاگەیەنراو و لە حەوت میرنشین، دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو(UAE) سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە.

حەوت میرنشینەکەی ئێستەی ئیمارات "ئەبو زەبی، دوبەی، ئەلشاریقە، عەجمان، رەئس خەیمە، ئوم قەیوین، فەجیرە" لەڕووی بازرگانی و بازاڕی دراو و گەشتیاری کۆمپانیاکانی خانوبەرەو جۆرێک لە پیشەسازیی پێشکەوتوەوە نزیکەی دوو دەیەیە یەکێکن لە بەهێزترین پێگە ئابورییەکانی جیهان .

دەرئەنجام

دیرۆکی سعودیەو پێگەی عەمان بەهێزتر ئەبێت، چونکە مێژووی پەیوەندییەکانی سعودییە لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکاو بەریتانیا لە تەمەنی دەوڵەتی ئیمارات زیاترە. سعودییە دووەم دەوڵەتی هەناردەکاری نەوتە لە ئۆپیکداو، ڕۆژانە لە (٢٠٢١) دا (١٢) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم ئەهێنێت. ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیمارات و تورکیا لە دۆخێکی ئاسایی و کاتێکی ئاسایی دا نییە، بەڵکو هەردووکیان (بەتایبەتی تورکیا) کەوتونەتە بەردەم هەرەشەی ئابوریی سەخت. تەحەدایەکی دیکە ئەوەیە، جگە لە سعودییەو عومان لە کەنداوی عەرەبیدا قەتەر یەکێکی ترە لە ڕکابەرەکانی ئیمارات. بە مانایەکی تر تورکیاو ئیمارات مەترسی و تەحەداکانی بەردەم خۆیان وای لێکردون پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە.

ئەردۆگان و بن زاید! لە کۆتایی (٢٠٢١) دا لە بەر پێداویستی هەرێمایەتی و ئابوری پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە، بە بڕی (١٠) ملیاردۆلار لە (١٠) بواردا لە ئەنکەرە ڕێککەوتنیان کردوە. ئەردۆگان یەکەم کاری بە ئیمارات ئەوەیە بانکی ناوەندی تورکیا و بانکی ناوەندی ئیمارات پێکەوە کاربکەن. دواتر ئەگەر ئیمارات بتوانێت دەرگای پەیوەندیی بۆ تورکیا بکاتەوە لەگەڵ ئیسرائیل یان میسر، ئەوا تورکیا سەرکەوتووئەبێت لە تێپەڕاندنی کێشە ناوخۆییەکانی، بە پێچەوانەوە ئەگەر بۆ ئەم دارمانە ئابورییەی تورکیا هەریەکە لە ئیسرائیل و یەکێتی ئەوروپا (پەیوەست بە کێشەی قوبرس) و ئیدارەی ئەمریکا لای خۆیانەوە بڕیاریاندا بێت، ئەوا ئابوریی تورکیا ئەردۆگان لە ناو ئەبات!.

....

- **بەهرۆز جەعفەر/ دکتۆرا لە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان، سەرۆکی پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی-MIRS.**

سەرچاوەکان

1) Chatham house (2020) Sisi’s debt to his Gulf Arab backers.

٢- ئاژانسی میهری ئێرانی (٢٠١٩) ئیمارات پاڵپشتی لە پەکەکە دەکات لە سووریا

https://ku.mehrnews.com/news/33890/%D8%A6%DB%8C%D9%85%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D8%AA-

%D9%BE%D8%A7%DA%B5%D9%BE%D8%B4%D8%AA%DB%8C-%D9%84%DB%95-%D9%BE%DB%95%DA%A9%DB%95%DA%A9%DB%95-%D8%AF%DB%95%DA%A9%D8%A7%D8%AA-%D9%84%DB%95-%D8%B3%D9%88%D9%88%D8%B1%DB%8C%D8%A7

٣- المعهد المصري للدراسات (٢٠٢٠) الصراع التركي الإماراتي: جدلية القوة والدور. طارق دياب.

٤- الحرة (٢٠٢١) سلطان عمان في السعودية.. "مشاريع الدقم وحرب اليمن" على طاولة الزيارة الأولى، نهى محمود – دبي

https://www.alhurra.com › 2021/07/10

٥- تقرير الميادين (٢٠٢١) جذور الخلاف بين السعودية والإمارات وأسبابه التاريخية والمستجدة.

6- Gulf International Forum (2021) Saudi-Omani Partnership: Economic and Security Ties Deepen

7- For More reading see the web of Mediterranean Institute for Regional Studies

8- Bloomberg (2021) UAE-Israel Ties Deepen as Mubadala Buys Gas Stake for $1 Billion

https://www.bloomberg.com/news/articles/2021-09-02/uae-israel-ties-deepen-as-mubadala-buys-gas-stake-for-1-billion